شریتی سوور لەو شوێنانێ دراوە کە مەترسی خنکانی لەسەرە لێ شوێنە گەشتیارییەکان

شریتی سوور لەو شوێنانێ دراوە کە مەترسی خنکانی هاوڵاتیانی لەسەرە.

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، "دوای زیادبوونی ڕووداوەکانی خنکانی هاووڵاتیان و گەشتیاران لە ڕووبار و دەریاچەو چەمەکان لە وەرزی هاویندا، بە فەرمانی وەزیری ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی و پۆلیس ئەو شوێنە گەشتیارییانێ دادەخێن کە لە ماوەی ڕابردوو هاووڵاتیان و گەشتیاران لێیان خنکاون و مەترسیدارن بۆ مەلەکردن". ئەم کردارەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئامانجی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی قوربانی زیاترن.

وەزارەتی ناوخۆ داوای لە هاووڵاتیان و گەشتیاران و کەمپانیاکانی گەشتوگوزاریان کرد کە پابەند بن بە دوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی شریتی سووری لێدراوە و هەما و تابلۆکانی قەدەغەکردنی مەلەی لە هەواسراوە.